www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20-10-2006 11:42

**لە پەراوێزی وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، لە کردنەوەی بازاڕی هاوچەرخی (نیوسیتی) دا. ... فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد**

ئامادە بوونی بەرێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگر و زۆر لە وەزیر و بەرپرسانی حکوومی لە کردنەوەی بازاڕی هاوچەرخی (نیو سیتی) لە هەولێری پایتەخت (2006/10/11)، خۆی لە خۆی دا گرنگی دانی حکوومەتە بە هەوڵ وکاری بوژاندنەوەی بواری ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان دا. هەروەها زیاتر رەخساندنی بوارە لە بەردەم دابین کردنی پێداویستی خەڵکی، چونکە تا کاڵا و پێداویستی خەڵکی زۆربی لە بازاڕ بە تەئکید رەنگدانەوەی دەبی لە سەر ململانێی بازاڕ کە بە قازانجی خەڵکی دەگرێتەوە، چ لە جۆری کاڵا و چ لە دابەزاندنی نرخی کاڵاکان. لەتەك ئەمەشدا دۆزینەوەی دەرفەتی کاری زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان (کە بە داخەوە لە لە بەر نەبوونی ئەزموون و ئامادە نەبوونی خەڵکی خۆمان ناچار زۆری کارمەندانی نیوسیتی وەك ئەوانی دیکە خەڵکی بیانین) .

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە راشکاوی رایگەیاندوە کە داکۆکی لە بازاڕی ئازاد دەکات، بۆپەرەدان بەم لایەنەش پاڵپشتی و دەستکراوەی لە کەرتی تایبەت دەکری، کە بەرێز سەرۆکی حکومەت زۆر بە راشکاوی و بەڵکو داواشی کرد کە هەموو لایەك پاڵپشتی سەرمایەگوزارانی کوردستان بکری و داوای کرد لە بەرامبەر پرۆژەی وەبەرهێنان رووتین کەمبکرێتەوە کە دامەزراندنی دەزگای وەبەرهێنانیشی بۆ ئەوە گەراندەوە کە تازووتر وەڵامی سەرمایەگوزاران بدرێتەوە بۆ راپەڕاندنی ئیشوکاری رەسمی دامەزاندن و کردنەوەی پرۆژەکانیان.

بەڵام لەگەڵ پشتگیری و دەستخۆشیشی لە خەڵکی کوردستان بۆ دامەزراندن و کردنەوەی بازاڕ و هێنانی کاڵای بیانی بە تایبەت بەرێوەبەرایەتی لە (نیو سیتی) دا، رەخنەی گرت لە سەرمایەگوزارانی کوردستان کە زۆر چاویان لە قازانجی زۆر و خێرایە، بەرێزیان ئەوەی راگەیاند کە ئەوە مافی خۆیانە، بەڵام بە داخەوە کاڵاکانی ئەم پرۆژەیە و هەموو پرۆژەکانی دیکەی کوردستان کاڵای بیانین.. ؟!، سەرەڕای ئەوەی کوردستان شوێنێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، کەچی تەنانەت بۆ بەروبوومی شیرمەنیش، وەك ماست و پەنیریش هەر لە دەرەوە دەهێنری، بەڵام سەرمایەگوزارانی نێوخۆ بیریان لە دامەزراندن و کردنەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هە رێمی کوردستان نەکردووتەوە، بە تەئکیدیش دامەزراندنی ئەو جۆرە پرۆژانە رەنگدانەوەی دەبێت لە سەر نرخی پێویستەکانی خەڵکی، بۆیە زۆر بە خۆشنودیەوە داوای لە سەرمایەگوزارانی ناوخۆ کرد کە پرۆژەی وەبەرهێنان لە جۆری بەرهەم دابمەزرێنن و هەموو ئاسانکاری و پاڵپشتی یەکی حکوومەتیشی بۆ دەربڕین.

جا ئەوەی بەدی کرا لەوتەکەی بەرێزیان نەکردنەوە و دانەمەزراندنی پرۆژەی بەرهەمهێنان بوولەلایەن سەرمایەگوزەران، هەرچەندە رەنگە هەتا پێش روخاندنی رژێمی بەعس پاساوهەڵبگری، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە (9/نیسانی/2003) هیچ پاساوێك هەڵناگری، چونکە مەترسی لەسەر سەرمایەکانیان نی یە و نەماوە، کە بە قانون مافیان پارێزراوە چ لە هەموو عێراق و چ لە کوردستاندا، لەتەك ئەوەشدا هەلومەرجی ئارامی و ئاسایشی کوردستان بوارێکی دیکەشە بۆ هاندان و رەخساندنی زیادکردووە ئەگەر خەڵکی خودان سەرمایەگوزار بیەوێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت خەڵکی سەرمایە گوزاری کوردستان هێشتا دەستبەرداری ترس و قازانجی خێرا نەبوون، کە بەداخەوە هەر لەم پێناوەدا زۆر لە سەرمایە گوزاران بەشێکی گەورەیانلە سەرمایەکانیان بە هۆی نەبونی رێکخستنی قانون و فەرمی نەبوونی بازرگانی زۆر لە سەرمایەکانیان لە لایەن بازرگانانی دەوروبەرو بیانی لە دەستداوە و دەستی بەسەردا گیراوە، هیچ رێگایە و شوێنێکیش نییە بۆ گەرانەوەی مافیان بەشێوەی رەسمی و قانونی.

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:42 20-10-2006

لەلایەکی دیکەشەوە سەرمایەگوزارانی خۆشمان بە چەشنی بازرگانان و سەرمایەگوزارانی بیانی بۆ کوردستان دەڕوانن. کە رەخنە گرتن لەم لایەنە پانتایەکی گەورەی ئاراستەی وتارەکەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی پێك دەهێنا. بەوەی ئەگەر دەسەڵات هەموو پاڵپشتی و ئاسانکاریەك پێشکەش بکات بۆ خەڵکی خودان سەرمایە، بەڵام سەرمایە گوزاران ئامادەگی دانان و دامەزراندنی پرۆژەی دوور خایان و کەم قازانجیان نەبی، کەلەکاتێکدا قازانجی خودان سەرمایەکەو خەڵکی کوردستانیشی تێدا دەبی، ئەوەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەرەپێدان و گەشەکردنی نیشتمان. چونکە ئەگەر خەڵکی هاوکار و ئامادەگیان نەبی، ئەوە بە تەئکید دەسەڵاتیش ناتوانی وڵات بە تەواوی پێش بخات.

ئەوەی ماوە بگوتری زیاتر ئەوەیە کە حکوومەت بە هەموو شێوەیەك ئاسانکاری پێشکەش دەکات بە سەرمایەگوزاران و مافیان دەپارێزی لە چوارچێوەی قانوندا، سەرمایەگوزارانیش ئەوەی کە لە سەریانە، سەرمایەی خۆیان لە بواری بەرهەمهێناندا زیاتر بخەنەگەر تا قازانجی دوور مەودایان پێش هەموو لایەك بە خۆیان ببەخشی پاشان بە میللەتەکەیان، لە جیاتی قازانجی خێرا و زوو کۆتایی هاتنی وەك ئەوەی ئێستا باڵی کێشاوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

fateheahmad@yahoo. com